# " كوردسات" چۆن هەواڵ خەتەنە دەكات

فاضل قەرەداغی

نیسانی ٢٠٠٤

كەناڵە كوردییەكان ، بە ناوچەیی‌و فەزاییەوە ، بە عەلمانی‌و ئیسلامییەوە بینەری كورد بە گێژو دەبەنگ دەزانن ، ئەو كەناڵانە بڵندگۆی چەواشەكردنن نەگاڵت. كەناڵەكان جگە لە هەڵگێرانەوەی ڕاستییەكان بە ئارەزووی خۆیان شت لەو هەواڵانە هەڵدەبژێرن ، بە كورتی هەواڵەكان خەتەنە دەكەن بەڵام وای خەتەنە دەكەن تەواو لە پیاوەتی دەخەن .

نموونەی ئەم باسەم هەواڵێكی كەناڵی فەزایی كوردساتە لە شەوی ٢٠٠٤/٤/١٥ دەربارەی بەڕەڵاكردنی بارمتە ژاپۆنییەكان لە عیراق ، مەسەلەكەش بە كورتی ئەوەیە چەند كەسێكی عیراقی سێ كەسی مەدەنیی ژاپۆنییان فڕاندو هەڕەشەی ئەوەیان كرد بە زیندوویی بیانسووتێنن ئەگەر حكومەتی وڵاتەكەیان هێزەكانی خۆی لە عیراق پاشەكشە پێ نەكات. ئەوە بوو دەستەی زانایانی موسڵمان كە ڕێكخراوێكی مامۆستایانی سوننەیە داوای لە ڕفێنەرەكان كرد ئەو كەسانە بەڕەڵا بكەن ئەمانەش پاش چەند ڕۆژێك داواكەیان جێبەجێ كرد ئیتر ئایا ئەمانە وای بۆچوون كارەكەیان بێ ئەنجامە یان بە ڕاستیان بووە و ڕێزیان بۆ ئەو مامۆستایان هەبوو... ئەمە شتێكە بۆ نیەت‌و نیازی خۆیان جێ دەهێڵین .

كەناڵی ئەلجەزیرە بەردانی ژاپۆنییەكانی پیشانداو ئەوەشی پیشان دا چۆن یەكێك لەو مامۆستایانە باوەشی بە دوو پیاو لەو سێ كەسە ڕفێنراوەكانی كرد (سێیەمین ئافرەت بوو) هەروەها ئەو مامۆستایانە بەیاننامەی ڕفێنەرەكانی خوێندەوەو كە داواكاریی ئەوانی تێدا هاتبوو كە گەلی ژاپۆنیی ((هاوڕێ)) فشار بخاتە سەر حكومەتەكەی بۆ پاشەكشەكردن بە هێزەكانی لە عیراق.

كوردسات ، وەكو وتم ، بەشێكی ئەو هەواڵەی لە كەناڵی ئەلجەزیرە وەرگرتبوو كەچی بەیاننامەی ڕفێنەرەكان باسكرا تەنانەت‌و هیچ ئاماژەیەكیش نەكرا بۆ ڕێكخراوە ئاینییەكەو تەنها وترا ژاپۆنییەكان بەڕەڵا كران و شتی لەم بابەتە ، بەڵام چۆن بەڕەڵاكران ؟ بۆچی بەردران؟

هەركەسێك ئاگای لە كەناڵە جیهانییەكان نەبێت ناتوانێت ئەو شتانە بزانێت ، دیارە كوردسات‌و باقی كەناڵە كوردییەكان (یان با بڵێین زۆربەیان) بۆ كەسانی گێژ و وڕ پەخشی خۆیان دەكەن ، بەڵام تۆ بڵێیت گێژی وامان هەبێت حەز بكات بیخەڵەتێنن و ئەم حەزە وای لێ كردووە چاوپۆشی لەو كەناڵانە بكات كە ڕاستییەكانی پێ ناڵێن؟ بەڵێ هەیە ئەویش ئەو كەسەیە ئەو كەناڵانە لەگەڵ ئارەزووی ئەودا دەگونجێن.

كوردسات ، كەناڵەكانی تریش هەروا ، ئاوا هەواڵەكان خەتەنە دەكەن، جا ئەگەر ئەمە لەگەڵ هەواڵێكدا بكەن خەڵكی لە كەناڵە جیهانییەكاندا دەیبینن ئەی بۆ ئەوانەی تر، بەتایبەت ناوچەییەكان كە تەنها خەڵكی ناوچەكە دەیزانن؟ دیارە لە بنەوە بۆی دەبڕن.